# فراوانبوونی پاڵاوگە فەرمی و نافەرمییەکانی نەوتی خاو لە عێراق و هەرێمی کوردستان

21-12-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** هەرچەندە عێراق لەڕووی پارەوە بۆ هاوردەکردن وهەناردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان هاوسەنگی پاراستووە، بەڵام سەرەڕای فراوانبوونی ئەم کەرتە، نەیتوانیوە ئەو پێداویستیانە بەرهەم بهێنێت کە لە ناوخۆ پێویستییەتی. لەکاتێکدا رۆژانە بە تەنکەرێک جۆرێکی نەوتی خاو هەناردە دەکات و بە تەنکەرێکی دیکە جۆرێکی پێویستی دیکە هاوردە دەکاتەوە، وەک هەناردەکردنی رۆنی رەش و هاوردەکردنی رۆنی بزوێنەری ئۆتۆمبێل.

## بەرایی

عێراق پلانی زیادکردنی ئاستی توانای پاڵاوگە نەوتییەکانی بۆ پاڵاوتنی 1.25 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو لە ساڵانی داهاتوودا  هەیە وهەرێمی کوردستانیش جگە لە پێنج پاڵاوگە فەرمییەکەی، دەیان پاڵاوگەی مامناوەند و بچووکی نافەرمی لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک هەیە و ئێستا پێکەوە (فەرمی و نافەرمی) سەروو 286 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی رۆژانە دەپاڵێون و بەرهەمەکانی هەناردەی بازاڕەکانی نێوخۆ دەکرێت.

عێراق پلانی داناوە ساڵی داهاتوو هاوردەکردنی بەرهەمەکانی نەوت و بەتایبەتیش بەنزین لە دەرەوە بۆ نزمترین ئاست کەمبکاتەوە، بەشێوەیەک کە تاوەکو 2026 بیگەیەنێتە سفر. ئەویش ئەگەر بەڵێنەکانی سوودانی و وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ خستنەگەڕی پاڵاوگەی بێجی و کردنەوەی هێڵی چوارەمی پاڵاوگەی بەسرە، دیوانیە و دۆڕە بچنە سەر و وەکو پرۆژەی پاڵاوگەی کەربەلا لێ نەیەت، کە لە کاتی کردنەوەیەدا پێویستی بە چاککردنەوە هەبوو.

هەروەها، لەماوەی 18 مانگی رابردوودا بەتەنیا لە عێراق و بەبێ هەرێمی کوردستان بە بەهای سەروو 7.4 ملیار دۆلار سێ بەرهەمی نەوتی هاوردە کراوە، کە بەتەنیا بۆ بەنزین 5.5 ملیار دۆلار بووە. ئەمە لەکاتێکدا لەنێو بازاڕیشدا بە نرخی پاڵپشتی لێکراو دەفرۆشێتەوە، کە زیانەکانی بۆ کۆی دارایی وڵات ساڵانە دەگاتە سەروو 14 ملیار دۆلار.

هەرچەندە عێراق لەڕووی پارەوە بۆ هاوردەکردن وهەناردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان هاوسەنگی پاراستووە، بەڵام سەرەڕای فراوانبوونی ئەم کەرتە، نەیتوانیوە ئەو پێداویستیانە بەرهەم بهێنێت کە لە ناوخۆ پێویستییەتی. لەکاتێکدا رۆژانە بە تەنکەرێک جۆرێکی نەوتی خاو هەناردە دەکات و بە تەنکەرێکی دیکە جۆرێکی پێویستی دیکە هاوردە دەکاتەوە، وەک هەناردەکردنی رۆنی رەش و هاوردەکردنی رۆنی بزوێنەری ئۆتۆمبێل.

لەدوای راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان، لەسەرەتاوە هەندێک لە کۆمپانیاکان و ئێستاش هەموویان دەستیان کردووە بە بەرهەمهێنانی نەوت بۆ بازاڕەکانی نێوخۆ، ئەمەش بازاڕی پاڵاوگە بچووک و مامناوەندە نافەرمییەکانی گەرمکردووە، بەشێوەیەک کەوا رۆژانە تاوەرەکانی سووتانی نەوتی خاو و بەرهەمهێنانی بەنزین، رۆنی رەش و قیر زیاد بکات. راستە ئەمە قازانجێکی کورتخایەنی مادی و چارەسەرێکی ناچارییە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لە نێوخۆدا، بەڵام بەردەوامییەکەی زیانی ئابووری گەورە بە هەرێمی کوردستان و عێراق دەگەیەنێت، چونکە بەرمیلی بە نزیکەی 30-38 دۆلار دەفرۆشرێت، سەرەڕای زیانێکی درێژخایەنی ژینگەیی بۆ ئەو ناوچانە و کەشوهەوای هەرێمی کوردستان.

## هاوردەکردن و هەناردەکردنی بەرهەمەکانی نەوت لە عێراق

ئەگەر تەماشایەکی وردی بەرهە نەوتییە هاوردەکراو وهەناردەکراوەکان بکەین، بەڕوونی چەند خاڵێکی سەرنجراکێش لەبارەی نەبوونی پیشەسازییەکی پێشکەوتووی پاڵاوتنی بەرهەمەکانی نەوت دەبینین، نەوەکو تەنیا بۆ بەنزین بەڵکو بۆ رۆنی ئۆتۆمبیل (رۆنی مەکینە) Engine Fuel Oil کە هەر لە ساڵی رابردوودا، بۆ ئەم جۆرە بەرهەمە 1.2 ملیار دۆلار لە عێراق رۆشتووەتە دەرەوە. هەروەها، خاڵێکی دیکەش نەبوونی پیشەسازی پێشکەووتووی پاڵاوتنی نەوتی خاوە لە نێوخۆدا، هەربۆیەش بەپێی داتاکان زۆرترین بەرهەمی نەوتی هەناردەکراوی عێراق بۆ دەرەوە نەوتی رەش بووە، کە ئەمەش بەپێی زانیارییە کۆکراوەکان بۆ هەرێمی کوردستانیش راستە.

لەسەر ئاستی عێراق و بەپێی داتا بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای سۆمۆ ، لەماوەی نیوەی یەکەمی 2023دا عێراق بە بەهای 2.26 ملیار دۆلار سێ جۆری بەرهەمی نەوتی هاوردەکردووە، کە نەوتی سپی ماڵان بە بەهای 90.7 ملیۆن دۆلار، رۆنی ئۆتۆمبیل بە بەهای 518 ملیۆن دۆلار و بەنزین بە بەهای 1.65 ملیار دۆلار بووەو، لەهەمان ماوەدا، بە بەهای 2.3 ملیار دۆلار بەرهەمەکانی نەوتیش هەناردەکراون.

هەروەها، ساڵی رابردوو عێراق بە بەهای 5.29 ملیار دۆلار بەرهەمەکانی نەوتی هاوردە کردووە، کە 3.8 ملیار دۆلاری بۆ بەنزین بووە، لە بەرامبەردا بە بەهای 5 ملیار بەرهەمەکانی نەوتی هەناردە کردووە، کە سەروو 4 ملیاری رۆنی رەش یاخود نەوتی رەش بووە.

بەپێی داتاکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە بەتەنیا لە 2022دا،  عێراق بە بەهای 22 ملیار دۆلار تێچووی خەرجیی پاڵپشتیکراوی وزەی دابین کردووە، کە نزیکەی 8% کۆی گشتی گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی GDP وڵات پێکدەهێنێت و بەتەنیا بۆ نەوت، سەرووی 14 ملیار دۆلار بووە.

خشتەی 1: بڕ و بەهای هەناردەکردن و هاوردەکردنی بەرهەمەکانی نەوت  لەعێراق لەماوەی 18 مانگی رابردوو

| جۆر 1 | جۆر 2 | جۆر 3 | نیوەی یەکەمی 2023 | 2022 |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| هاوردەکردن | نەوتی سپی ماڵان | بڕ /ملیۆن تۆن | 86,744 | 167,433 |
| | | بەهای /دۆلار | $90,714,809.76 | $159,274,224.46 |
| | بەنزین | بڕ /ملیۆن تۆن | 1,811,548 | 3,691,709 |
| | | بەهای /دۆلار | $1,653,753,413.08 | $3,873,905,284.60 |
| | رۆنی ئۆتۆمبیل | بڕ /ملیۆن تۆن | 658,851 | 1,195,566 |
| | | بەهای /دۆلار | $518,143,197.63 | $1,266,637,619.68 |
| هەناردەکردن | قیر | بڕ /ملیۆن تۆن | 545 | 0 |
| | | بەهای /دۆلار | $149,806.88 | $0.00 |
| | بەنزینی سرووشتی | بڕ /ملیۆن تۆن | 3,191 | 109,400 |
| | | بەهای /دۆلار | $1,769,452.92 | $72,844,064.97 |
| | نەفتا | بڕ /ملیۆن تۆن | 575,849 | 1,258,519 |
| | | بەهای /دۆلار | $326,736,721.86 | $903,506,587.02 |
| | رۆنی رەش یان نەوتی رەش | بڕ /ملیۆن تۆن | 4,929,113 | 7,627,179 |
| | | بەهای /دۆلار | $1,978,112,775.47 | $4,007,030,268.60 |
| | گۆگرد | بڕ /ملیۆن تۆن | 0 | 218,075 |
| | | بەهای /دۆلار | $0.00 | $19,763,650.21 |

سەرچاوە: وەزارەتی نەوتی عێراق، کۆمپانیای سۆمۆ 3-12-2023.


# توانای پاڵاوگەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەگەری دابینکردنی بەنزین لەنێوخۆدا

سەرۆکوەزیرانی عێراق لە بەهاری ئەمساڵدا پاڵاوگەی کەربەلای کردەوە، سەرەڕای تێبینییەکان و لەکارکەوتنی لەماوەکانی رابردوودا، بەڵام بەپێی راگەیاندراوە فەرمییەکان، رۆژانە 140 هەزار بەرمیل نەوتی خاو دەپاڵێوێت. هەروەها، ئەمساڵ و لەکاتی سەردانی پاڵاوگەی بێجی، ئاماژەی بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ بە بەرهەمی ناوخۆ لەڕووی بەرهەمە نەوتییەکانەوە کردەوە.

ئێستاش وەزارەتی نەوتی عێراق، کۆمپانیای نەوتی باکووری راسپاردووە بۆ کارکردن و چاککردنەوەی پاڵاوگەی نەوتی بێجی بەتوانای 150 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا، لەکاتێکدا پاڵاوگەی بێجی گەورەترین پاڵاوگەیە لە عێراق و لە ساڵی 1978 دروستکراوە و ئەگەر بە کۆی توانای خۆی کار بکات، ئەوا دەتوانرێت بەرهەمهێنانی رۆژانەی بۆ 293 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا زیاد بکرێت.

ئەگەر کارەکانیش وەک واژۆی بڕیارەکان بێت، ئەوا تاوەکو دوو ساڵی داهاتوو توانای پاڵاوگەکانی عێراق بۆ پاڵاوتنی نەوت لە 896 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانەوە بۆ 1 ملیۆن و 256 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی رۆژانە بەرز دەبێتەوە. نیوەی ئەم زیادبوونە بەهۆی پاڵاوگەی بێجییە کە بڕیارە لەسەرەتای ساڵی داهاتوودا بەرهەمەکانی لەنێوخۆدا هەبێت.

گرافیک 1: توانای پاڵاوتنی پاڵاوگەکانی عێراق لەماوەی نێوان 2020 بۆ 2026



سەرچاوە: وەزارەتی نەوتی عێراق، 3-12-2023، ئۆپێک و میس 2-12-2023

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەرچەندە داتای فەرمی لەبارەی پاڵاوتنی نەوتی خاو لە پاڵاوگە فەرمی و نافەرمییەکان بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام پێنج پاڵاوگەی فەرمی گەورە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەیە و توانای پاڵاوتنی رۆژانەیان 333 هەزار بەرمیل نەوتی خاوە، بەڵام ئێستا بەپێی داتا کۆکراوەکان بەنزیکەی بەتوانای پاڵاوتنی نزیکەی 227 هەزار بەرمیل نەوتی خاو کار دەکەن، بەشێوەیەک لە پارێزگای هەولێر پاڵاوگەی کار و لاناز، بە بڕی 170 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی رۆژانە، لە پارێزگای سلێمانی پاڵاوگەی بازیان و دووکان بە بڕی نزیکەی 51 هەزار بەرمیل نەوتی خاو و لە پارێزگای دهۆک پاڵاوگەی دی ئین ئۆ بە توانای 6 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی رۆژانە.

ئێستا، بەهۆی هەناردەنەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان و بازاڕەکانی دەرەوە، ئەو نەوتەی بەرهەمدێت لەنێوخۆدا دەفرۆشرێت و بەپێی دوایین راپۆرتی کۆمپانیاکان کۆی نەوتی بەرهەمهێنراوی کوردستان گەیشتووەتە سەروو 286 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا، ئەویش دوای زیادبوونی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو لەلایەن دی ئین ئۆ لە کێڵگەی نەوتی تاوکی و پێشخابوور بۆ 90 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە و دەستپێکردنەوە بە بەرهەمهێنان لە کێڵگەی ئەترووش کە سەرەتا بە ئاستی 15-25 هەزار بەرمیل نەوت و ئێستا بە 10 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە بۆ بازاڕەکانی نێوخۆ دەستی بە بەرهەمهێنان کردووەتەوە.

ئەم زیادبوونەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو وایکردووە کەوا پاڵاوگە بچووک و مامناوەندە نافەرمییەکان کە پێشتر هەبوون و لەماوەکانی رابردوودا داخراوبوون، دووبارە دەستبکەنەوە بە کارکردن و پاڵاوتنی نەوتی خاو بۆ بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان کە ئاستی پاڵاوتنی رۆژانەیان بەگوێرەی زانیارییەکان لەنێوان 500 بەرمیل نەوتی خاو بۆ هەزاران بەرمیل نەوتی خاوی رۆژانەیە لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان.

هەروەها، ئەم زیادبوونەی بەرهەمهێنانی ناوخۆ بەشێوەیەکە کە وایکردووە ئێستا بەنزینێکی کەمتر بە بەراورد بە سەرەتاکانی ئەمساڵ لە دەرەوە هاوردە بکرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ، ئەویش لەکاتێکدا بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەرێمی کوردستان رۆژانە پێویستیی بە 4 بۆ 5 ملیۆن لیتر بەنزینە.

خاڵێکی سەرنجڕاکیش لە پاڵاوگەکانی نەوت لە عێراق پەیوەستە بە توانای پاڵاوتنی نەوتی خاوەوە. چونکە بەنزین، نەوتی سپی و رۆنی ئۆتۆمبیل (مەکینە) سێ پێداویستی ئەمڕۆی عێراقییەکان، بەڵام ئەم بەرهەمانە لە پاڵاوگەکان بەرهەم نایەت بەڵکو دوای بەنزین بڕێکی زۆری رۆنی رەش و قیر و بەرهەمی دیکەیە. هەربۆیەش ساڵی رابردوو خواستی رۆژانەی عێراق بۆ بەنزین گەیشتووەتە 165 هەزار بەرمیل، کە نزیکەی نیوەی لە دەرەوە هاوردەکردووە، کە 86 هەزار بەرمیل بەنزین بووە.


بەپێی داتاکانی میس و دەستپێشخەری داتای رێکخراوە هاوبەشەکان JODI لەماوەی دەیەی رابردوودا بەنزیکەی هاوردەکردنی بەنزین لە دەرەوە بۆ نێوخۆی عێراق دوو هێندە زیادیکردووە، بەشێوەیەک لە 2013دا رۆژانە 48 هەزار بەرمیل هاوردەکراوە و ئەوەش لە 2022دا گەیشتووەتە 86 هەزار بەرمیل و لە هەشت مانگی ئەمساڵیشدا 82 هەزار بەرمیلی رۆژانە بووە.

دیوێکی سەرەکی ئەم زیادبوونە بەهۆی زیادبوونی ئۆتۆمبیلی تاکە کەسییەوەیە لە عێراق، کە لە سەرەتای ئەمساڵدا وەزارەتی پلاندانانی عێراق رایگەیاندووە " لە 2022دا 7 ملیۆن و 460 هەزار ئۆتۆمبیل لە عێراق و هەرێمی کوردستان تۆمارکراون و، بە بەراورد بە ساڵی رابردوو 433 هەزار زیادیکردووە". ئەگەر بەگوێرەی هەر تاکێک لێکدانەوەی بۆ بکەین، لە عیراق هەر پێنج کەسەو ئۆتۆمبیلێکی تایبەتی بەر دەکەوێت.

ساڵ بەساڵیش قەبارەی ئەم بازرگانییە، بەتایبەتیش بۆ ئۆتۆمبیلی گەورە و مەکینە گەورە زیاد دەکات، بەشێوەیەک لە 2021دا عێراق بە بەهای 2.22 ملیار دۆلار ئۆتۆمبیلی هاوردە کردووە و سێیەم رێزبەندی ئەو کاڵایانەی گرتووە کە عێراق هاوردەی کردوون.

ئەم زیادبوونی خێراییەی ئۆتۆمبیلی تاکەکەسی کە لەماوەی یەک ساڵدا و بەتەنیا بۆ عێراق ( 2021 بۆ 2022 ) خواستی رۆژانەی بۆ بەنزین 25 هەزار بەرمیل یاخود بۆ 3.9 ملیۆن لیتر زیادکردووە، کە زیانەکانی سنووری ژینگەی و کەشوهەوای تێپەڕاندوو و بووەتەهۆی بڵاوبوونەوە و زیادبوونی ژمارەی تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە.

گرافیک 2: هاوردەکردنی بەنزین لەماوەی 2013 بۆ 2023


هاوردەکردنی بەنزین (رۆژانە /هەزار بەرمیل)
100
90
80
70
60
50
40
30
20
10
0
48
45
47
50
59
63
46
81
81
86
82
2013
2014
2015
2016
2017
2018
2019
2020
2021
2022
2023*
ساڵ

سەرچاوە: داتاکانی جۆدی 2023-11-3، JODI و میس، وەزارەتی نەوتی عێراق.

## کۆتایی

ئەم زیادبوونە خێراییەی پاڵاوگە فەرمییەکان لە عێراق و کارکردنی پاڵاوگەی فەرمی و کەوتنەوەکاری دەیان پاڵاوگەی نافەرمی لە تەواوی هەرێمی کوردستان لەئەمساڵدا و، هەبوونی پلانی هەردوولاش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پاڵاوتنی رۆژانەی پاڵاوگە فەرمییەکانیان بۆ نەوتی خاو سەرنجمان بۆ سێ خاڵی گرنگ رادەکێشێت:

یەکەمیان، وەک ئەوەی داتاکان بەتایبەتیش لەسەر عێراق دەریدەخەن، ئەوە نەبووەتەهۆی کەمکردنەوەی ئەو پێداویستییانەی ئەمڕۆی عێراقییەکان کە لە نەوتی خاوەوە بەرهەم دێن، وەک بەنزین و رۆنی مەکینەی ئۆتۆمبیل، بگرە لەگەڵ زیادبوونی خواستی نێوخۆ بۆ ئەم بەرهەمانە، هاوردەکردنیان لە دەرەوەش زیادیکردووە.

دووەمیان، ئەم فراوانبوونە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی نێوخۆ بە بەرهەمە نەوتییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدایە کە رۆژانی رابردوو لە کۆپ28دا 118 وڵاتی جیهان بەڵێنی سێ قات بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و زیادکردنی وزە نوێبووەکانیان داوە و دەیان ملیار دۆلاریان بۆ رووبەرووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا تەرخانکردووە، کە لێکەوتەکانی ئەم گۆڕانکارییانەش لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەڕوونی دەرکەوتووە. بەکورتی جیهان بەرەو کوێ و عێراق بەرەو کوێ؟

سێیەمیان، ئەم فراوانبوونەی پاڵاوگە نێوخۆییەکان بۆ دابینکردنی پێداویستی ناوخۆ ئەگەر رووە مادییەکەی گەڕانەوەی پارە بێت بۆ داهاتی گشتی و گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی GDP بێت، ئەوا زیانێکی گەورەی ژینگەیی و تەندرووستی لە داهاتوودا هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێچەوانەی ئاراستەی جیهانییە بۆ دوورکەوتنەوە لە وزە باوەکان و وەبەرهێنان و بەکارهێنانی وزە نوێبووەکان.